دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

ناوی کتێب: کتێبی شانۆ
نووسینی: داستان بەرزان
بابەت: شانۆیی
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ:
نرخ:
چاپی یەکەم: دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٤
کوردستان – سلێمانی

## پێشەکی

ئەم نوسینانەی لەم کتیبەدا دەیخوێننەوە ڕوانینی ئێستای منە لە دوو شانۆنامەی گرنگی وەک (ئۆدیب پاشا)ی سۆفۆکلیس و (کۆتایی گەمە)ی (سامۆیل بێکێت) و چەند کتێبێکی تیۆری و مێژوویی بواری شانۆ، کە دەڵێم ڕوانینی ئێستام مەبەستمە بڵێم: ئاست و تەمەنی ئێستام ڕۆڵێکی سەرەکی هەیە لە ئاراستەکردنی ڕونینەکانم.

لای من شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا) یەکێک لە پڕۆژەکانی تەمەنە، چ وەک ئیشکردنی تیۆری، چ وەک ئیشکردنی پراکتیکی، بەڵام داخەکەم تاکو ئەم ساتەش کە ئەم کتێبە بڵاودەبێتەوە، ئەو وەرگێڕانەی لەبەردەستی خوێنەری کوردی زماندایە لە نوسخە ئۆرژیناڵەکەیەوە وەرنەگێڕدراوە، بەڵکو لە زمانی عەرەبییەوە وەرگێڕدراوە و بەو جۆرەش تەواوی شانۆنامەکە نییە, بەڵکو ئامادەکراوەتەوە, بۆیە زۆر زەحمەتە وەک سەرچاوە بەکاربهێنرێت, منیش بۆ ئەو نوسینە سوودم لە هەندێک وانەی قۆناغی پەیمانگا و کۆلێژم وەرگرتووە و بۆخۆشم لە هەندێک لەسەرچاوەی دیکەدا لە دووی گەڕاوم و وەک پرسیار و وەڵامیش لەگەڵ ئەو کەسانەدا دواوم کە شانۆنامەکەیان بە نوسخە ئۆرژیناڵەکەی خوێندۆتەوە.

هەرچی نوسینی دووەمیشە دەربارەی شانۆنامەی (کۆتایی گەمە) ی سامۆیل بێکێت، هەندێک ڕوانینە لە چەند لایەنێکی شانۆنامەکە و دیسانەوە قسەکردنیش لەسەر (بیکێت) سانا نییە، چونکە ئەم نوسەرە لە جیهانی ئەدەبی شانۆدا ڕووناکییەکی زۆری لەسەرە و شتانێکی زۆریشی لەبارەوە وتراوە.

دوو نوسینەکەی دیکەش قسەکردنن لەسەر دوو کتێبی گرنگی تیۆری بواری شانۆ و خۆشبەختانە لە ئێستادا بە زمانی کوردی لە بەردەستدان و دەکرێت سودیان لێوەربگیرێت، ئەوەی منیش لەبارەیانەوە وتوومە وەک خستە ڕوویەک بۆ خوێنەران باسێکم لە کتێبەکان کردووە ئەمەش لە پێناو بەدەرخستنی گرنگی هەریەکێیان، وتنی هەندێک بۆچوون لەبارەی هونەری شانۆوە.

نوسینی پێنجەمیش دەربارەی کتێبێکە لە بواری مێژووی شانۆدا، کە پێش ئەم کتێبە جگە لە چەند کتێبێکی سەرەتایی لە بواری مێژووی شانۆدا، شتێکی وەها لەبەر دەستدا نەبوو، بەڵام خۆشبەختانە وەرگێڕانی ئەم کتێبە تا ئاستێک کێشەی نەبوونی سەرچاوەی لەو بوارەدا چارەسەر کرد و بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ ئارەزوومەندانی بواری شانۆ.

دوایین نوسینیش وتارێکی کورتە قسە لەسەر کۆنسێپتی ترس دەکات لە شانۆدا، کە تێیدا باسی چەند جۆرێکی ترسمان کردووە، بە هیوام وەک بۆچوونێک لێمی قبوڵ بکەن.

لە کۆتاییدا بیرتان دەخەمەوە، ئەم کتێبە بچوکەی بەردەستان هەوڵێکی خاکەڕایی منە لە بواری ئەو هونەرەی کە خەونمە ئەگەر وەک بینەرێکیش بێت لە نزیکیبم.

# ئۆدیب پاشا، ڕەچەڵەکی تێکستەکان

## سەرەتای درامای کلاسیک

لە ژێر ڕووناکی وتەکەی گۆتەی مەزندا دەربارەی کلاسیک دەگەینە ئەو دەرەنجامەی مەبەست لە کلاسیک هەر تێکستێکی بەبایەخ و گرنگە، ئەم گوزارشتە لە ئێستای دونیای نوێشدا هەر وەهایە، هەمیشە بەو شتانە دەگوترێت کلاسیک کە گرنگ و تۆکمە و بە بایەخن و خاوەنی قوڵایین و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن.

کلاسیک بەرەبەیانی سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەب و هونەر، هاوکات دەسپێکی گەشەکردنی مرڤایەتیشە، لە پێش کلاسیکدا ئەوەی هەبووە لە ئەدەب و هونەر و .... هتد لەسادەترین شێوەدا بووە و زیاتر بەشێک بووە لە ژیانی مرۆڤی ئەو قۆناغە و کەمتر وەک چالاکییەکی سەربەخۆ خۆی بەیانکردووە، بەڵام لە سەرهەڵدانی ئەو قۆناغەی کە دواتر ناوی لێنراوە کلاسیک، گرنگی و بایەخی ئەدەب و هونەر و فەلسەفە....زانراوە و وەک چالاکییەکی ژیاری سەیر کراوە، کەڵە هونەرمەند و فەیلەسوفی گەورە دەرکەوتوون و خەڵکیان لە ڕێگەی هونەر و فەلسەفەوە هۆشیار کردۆتەوە و کردەی (زانین) بۆتە خولیا.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی لێوە بکەین، مێژووی درامای

کلاسیک و شانۆنامەنوسە گرنگەکانی ئەو دەمە و بەتایبەت لە نێو هەموویاندا (سۆفۆکلیس) و شانۆنامە بەناوبانگەکەی (ئۆدیب پاشا) و قورسایی ئەو شانۆنامەیەیە لە مێژووی ئەدەبیاتی شانۆنامەدا، کە یەکێکە لەو شانۆنامانەی تاکو ئەمڕۆش جیهانی شانۆ پێی ڕووناکە و بە نەمریی ماوەتەوە.

یۆنان وەک یەکەمین زێدی سەرهەڵدانی دراما لە جیهاندا، خاوەنی نوسەری گرنگ و درامانوسی گەورەیە، کە هەریەکێکیان بە شێواز و تایبەتمەندی خۆیانەوە لە مەیدانی مێژووی درامای جیهانیدا ئامادەییان هەیە و ناکرێت باس لە درامای جیهانی بکرێت و باس لەوان نەکرێت، چونکە بە بازدان بەسەر مێژووی یۆناندا کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە هەر باسێکی مێژووییەوە دەربارەی دراما و لە ئەنجامدا قۆناغێک دەکەین بە ژێرەوە کە پڕیەتی لە تێکستی گرنگ و پڕبایەخی وەها کە قۆناغەکانی پاش کلاسیک و ئێستاشی لەسەر بێت نەیانتوانیوە خۆیان لە بیر و دیدگا و ڕوانینەکانیان دەرباز بکەن.

کەواتە یۆنان لانکەی سەرهەڵدانی درامایە، لەسەرەتاشدا دراما تەنیا تراژیدیا بووە، ئەگەرچی بۆ خواوەند (دیۆنسیوس) گریان و پێکەنینیش پێشکەش کراوە، بەڵام پێش کۆمیدیا تراژیدیا فۆڕمی هونەر وەردەگرێت و بایەخ و گرنگی تراژدیا دەگاتە ئاستێک فەیلەسوفی گەورەی یۆنان ئەرستۆ تالیس لە کتێبی (هونەری شیعر)دا بە زۆریی باس لە ترژیدیا دەکات، بە خوێندنەوەی کۆی کتێبەکە تێدەگەیت ئەرستۆ پێی وایە درامای ڕەسەن تراژیدیایە، هەر لەپاڵ تراژیدیادا باس لە شیعری (هەجوو) یان (سەرزەنشت) دەکات، کە سەرەتایەک بووە بۆ سەرهەڵدانی کۆمیدیا، دواتر

لەسەر دەستی (ئەرستۆفانیس) مێژووی کۆمیدیا بەشێوەیەکی کۆکراوەتر و پێگەیشتووتر دەست پێدەکات، کۆمێدیا لە پێکەنینی پەتی و گاڵتە و گەپی ڕووت دادەماڵێت، کە ئەوکات لە یۆنانی کۆندا پێیان وابوو پیشەی کۆیلە و کاسبکاری ئاساییە و دەوڵەت پێی وابوو هاونیشتمانی سەرفراز نابێت، ئەگەر بێت و نیشانەی پاڵەوانێتی تیا دەرنەکەوێت، ئەویش بە دوورکەوتنەوە پێکەنین و گاڵتەبازی.

یەکێک لە کۆمیدیا بە ناوبانگەکانی ئەو قۆناغەش درامای (بۆقەکان)ە، کە (ئەرستۆفانیس) لە ڕێگەیەوە ڕەخنە دەگرێت و گاڵتە بە بەرهەمەکانی (یۆربیدس و ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس) دەکات، بەشێوەیەکی کۆمیدیی دید و ڕووانینەکانی بەیان دەکات.

ئەرستۆ لە هەمان سەرچاوەدا واتە کتێبی (هونەری شیعر) باس لە پەیدابوونی هونەری شیعر دەکات، کە ئەوکات لەگەڵ (دراما)دا دووانەیەکی لێک جیانەکراوەبوون، ئەو پێی وایە سەرهەڵدانی شیعر دوو هۆکاری هەیە، کە هەردووکیان هۆکاری سروشتین، یەکەمیان: لاسیکردنەوە کە بۆ خۆی شتێکی زگماکییە لە مرۆڤدا، دووەمیان: ئەو خۆشییەیە کە لاسایکردنەوە بە مرۆڤی دەبەخشێت.

ئەوەشی پێم گرنگە و ناکرێت باسی لێوەنەکەین ڕۆڵی (ئەسخیلۆس) و درامانوسانی پاش ئەوە کە هەریەکەیان بە جۆری خۆیان ڕۆڵیان هەبووە لە بە شانۆکردنی شیعردا، وەک لە کتێبی (هونەری شیعر)دا هاتووە، ئەسخیلۆس یەکەم کەس بووە ژمارەی ئەکتەری لە یەکەوە کردووە بە دوو، هەروەها ڕۆڵ و بەشداریی کۆرسی کەم کردۆتەوە، دیالۆگیشی کردووە

به شتێکی سەرەکی، دواتریش (سۆفۆکلیس) ئەکتەری سێیەم و وێنە و دیمەنی شانۆیی زیاد کردووە.
دراما لەو سەرەتا پرشنگدارەی یۆنانەوە تاکو ئەمڕۆ درێژەی هەیە، پاش ئەو سەرەتایەی یۆنان یاخود هاومێژوو لە ڕۆما و دواتر وڵاتانی دیکەی دونیادا دێتە ئاراوە، هەردوو جۆرەکەی (تراژیدیا، کۆمیدیا) ڕۆڵ کاریگەریی خۆیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

## سۆفۆکلیس کێیە؟

یەک لە دراما نوسە گرنگەکانی یۆنانی کۆنە، لە ساڵەکانی (497 -495)پ.ز لە شاری (کۆلۆن) لە دایکبووە، باوکی خاوەنی کارگەی دروستکردنی چەک بووە و یەکێک بووە لە بازرگانە دیارەکانی (ئەسینا).
سۆفۆکلیس هەر لە تەمەنی لاوییەوە شەیدای ئاوازی خۆش و موزیک بووە، بۆیە هەوڵی فێربوونی موزیک دەدات و دەبێتە کەسێکی سەرکەتوو لەو بوارەدا، هەروەها حەزی بە وەرزش بووە، جگە لە بەهرەی موزیک و وەرزشیش جەنگاوەرێکی کارامە بووە.
ساڵی (480) کە گریگەکان لە جەنگە گەورەکەی (سالامینا) دا بەسەر سوپای (پارسەکان)دا سەردەکەون، بەو بۆنەوەیەوە کەژاوەی سەرکەوتن سازدەکەن و (سۆفۆکلیس) هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی پێشڕەوی کۆرسی نمایشەکە بکات، ئەویش زۆر بە سەروکەوتووی پێشڕەوییەکەی ئەنجام دەدات و دەبێتە جێگەی

ڕەزامەندی خەڵک و دەبێتە سەرەتای هەڵاتنی پاشە ڕۆژێکی ڕووناک و لەپاشدا دوو جار هەڵبژێردرێت بۆ ئەندامیەتی سەرکردەی باڵای جەنگ، کە ئەوکات وا باو بووە سەرکردەکانی جەنگ لە (ئەسینا)دا (12) ئەندام بن، دوای ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر (ئەسینا)دا هات لە پەلاماری (ئیسپارتە)دا (10) سەرکردە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی سەرکردایەتی (ئەسینا) بکەن یەکێکیان (سۆفۆکلیس) بووە.

حەز و ئارەزووی بۆ سەما و گیتار ژەنین وایکردووە، لە دوو دراما‌دا ئەو ڕۆڵانە بگێڕێت و سەرکەوتنیشیان تێدا بە دەست بێنێت، ئارەزووی بۆ نوسینی دراما وایلێدەکات بۆی بخوێنێت و خەیاڵ و ئەندێشەی بۆ ئەفسانە و وردبوونەوە لە چیرۆک و پەندە ئایینییەکان تەرخان بکات، هەموو ئەمانەش وادەکەن لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بۆ یەکەمجار بچێتە گۆڕەپانی درامانوسانەوە و هەر لەو ساڵەدا بەسەر بلیمەتێکی وەکو (ئەسخیلۆس)دا سەرکەوێت و خەلاتی یەکەمی لە دەست بسەنێت.

پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات جلی ماتەمینی و پرسەی بە هۆی مردنی (یۆربیدس)ەوە لەبەر کردووە، لە پاش ئەوەش بە چەند مانگێک لە ساڵی (406) و لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا دەمرێت.

## پوختەی چیرۆکی درامای ئۆدیپ پاشا

ڕشانەوە و تاعون شاری (تیبا)دەتەنێت و بەهۆیەوە خەڵکێکی زۆر دەمرن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خوداکان توڕەبوون، (ئۆدیبی پاشا) بەڵێن دەدات کە بەهەرجۆرێک بووە

خەڵکی ڕزگار بکات، بۆیە (کریۆن)ی برای خێزانەکەی دەنێرێتە پەرستگای (دلف) تاکو بزانێت فەرمانی خوداکان بە چییە، لە ئەنجامدا دەردەکەوێت خوداکان گلەییان هەیە، چونکە (لایۆس) ی پاشای پێشوو، کەسێک کوشتوویەتی ئیستا لەو شارەدایە، ئەو تاعونەش تەنیا بە کوشتن یان شاربەدەرکردنی ئەو کەسە کۆتایی دێت.

ئەم هەواڵە (ئۆدیب) نیگەران دەکات و دەست بە هەڕەشەکردن دەکات لەو کەسەی وەها تاوانێکی ئەنجامداوە، لەسەر داوای (کریۆن) داوا لە (ترسیاس)ی نهێنی زان دەکات، تاکو ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرا بکات، لەئەنجامی چەند گفتوگۆیەکدا (ترسیاس) خۆی بۆ ناگیرێت و دەڵێت: ئەوەی ئەم شارەی بەرنەفرەت خستووە ناوی (ئۆدیب)ە.

لە ئەنجامدا (ئۆدیب) توڕە دەبێت و (ترسیاس) بە درۆزن لە قەڵەم دەدات، چونکە ئەو درکاندنە ئازارێکی گەورە لە دڵی (ئۆدیب)دا دروست دەکات، لەم کاتەدا (جۆکاستا)ی شاژن بۆ (ئۆدیب)ی ڕووندەکاتەوە کە وەختی خۆی (لایوس)ی پاشای پێشوو بە فەرمانی خوداکان، منداڵێکی سێ ڕۆژەی دەنێرێتە شاخێکی سەختی وەها کە کەس دەستی پێی نەگات، چونکە خوداکان پێیان وابووە ئەو منداڵەی باوکی دەکوژێت و دایکی مارە دەکاتەوە، (جۆکاستا) باسی چۆنێتی کوشتنی (لایوس)ی بۆ دەکات، کە گوایە بە دەستی چەند بیانییەک کوژراوە، بەڵام چۆنێتی کوشتنی (لایوس) هەمان ئەو کوشتنەیە کە (ئۆدیب) بەرلەوەی بگاتە شاری (تیبا) لە ئەنجامی دەمەقاڵێدا پیاوێک دەکوژێت، بەم گێڕانەوەیەی (جۆکاستا) ئەوەندەی تر (ئۆدیب)

وێران دەبێت و بە ناخی خۆیدا دەچێتەوە و ئازارێکی زیاتر لە ناویدا بروسکە دەدات.

لە ئەنجامی هاتنی پەیامبەرێک کە هەواڵی مردنی پاشا (یولیپۆس) دەگەێنێت، دەردەکەوێت کە (ئۆدیب) باوکی خۆی کوشتووە و ئەوەشی ئێستا ژنێتی لە ڕاستیدا دایکێتی، تراژیدیای (ئۆدیب) لێرەدا دەگاتە ترۆپک، ڕووداوەکان دەچن بەناویەکدا، کەشی دراماکە گرژ دەبێت، لەم کاتەدا (جۆکاستا) خۆی دەگەێنێتە ناو کۆشک، تاکو خۆی بخنکێنێت، (ئۆدیب)یش بە چۆکا دێت و دەڕوخێت، بە دەرزییەکانی سەری (جۆکاستا) چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێت، (ئۆدیب) لە کۆشک دێتە دەرەوە خوێن بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە، داوا لە (کریۆن) دەکات کە یارمەتی بدات تاکو لە شار بچێتە دەرەوە، داواشی لێدەکات کە ئاگاداری منداڵەکانی بێت.

## ئۆدیب پاشا ڕەچەڵەکی تێکستەکان

تێکستی (ئۆدیب) لە جۆری ئەو تێکستانەیە پاش خویندنەوەی بە درێژایی ژیانت ناتوانیت دەستبەرداری دونیا تایبەت و قوڵاییە بێ وێنەکەی ببیت، ئەو لە یەکەمین خویندنەوەیەوە بە کێشت دەکات بەرەو جیهانێک کە پێشتر پەیت پێ نەبردووە، لە تێکستی (ئۆدیب)دا بۆ یەکەمینجار بەر بابەتێکی هەستیار و سامناکی وەها دەکەویت کە ڕات دەگرێت و ترس و گومان و نەفرەت لە قوڵایتەوە بە خەبەردێنێت، ئەوەی پێشتر نەتبیستووە (ئۆدیب) پێت دەڵێت، ئەوەی پێشر تەنانەت بە خەیاڵیشتدا نەهاتووە و یەکجاریش بیرت لێنەکردۆتەوە ئەم تێکستە دەیخاتە بەردەمت و

تۆش بە پێی ئەزموون و دونیابینی و تێگەیشتنت لە بەردەمیدا ڕادەمێنیت.

(خەونی کوشتنی باوک و سێکس کردن لەگەڵ دایک)دا ئەو کۆنسێپتەیە کە (سۆفۆکلیش) لە شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا)دا کاری لەسەر کردووە، کە لە تەواوی مۆراڵە کۆمەڵایەتی و ئاینی و مرۆییەکاندا ڕێگە پێنەدراوە، خودی (سۆفۆکلیس)یش نایەوێت شەرعیەت بداتە جۆرە ڕەفتارێکی وەها، بەڵکو دەیەوێت لە میانەی بەیانکردنی تراژیدیای (ئۆدیب پاشا)و هەردوو شانۆنامەی (ئۆدیب لە کۆلۆن، ئەنتیگۆنا)ەوە، چارەنوسی خێزانێک نیشان بدات، کە هەریەک بە شێوازی جیاواز تووشی بەدبەختی و مەینەت و کۆتاییەکی خەمهێنەر دەبنەوە، هەر لەوێشەوە کردەی (پاکژبوونەوە) کە یەکێکە لە ئامانجەکانی درامای کلاسیک بە ئەنجام بگەیێنێت.

کاریگەریی و قورسایی هەریەک لەو سێ تێکستەی کە پێشتر ناومان بردن واتە (ئۆدیب، ئۆدیب لە کۆلۆن، ئەنتیگۆنا) کە دەتوانین بە سیانەی (ئۆدیب) بیان ناسێنین، لە جیهانی ئەدەبی دونیادا بە جۆرێک دیار و بەرچاوە، چەندین خوێندنەوە و شرۆڤەی جیاوازیان بۆ کراوە، ئەوەتا (فرۆید)ی گەورە دەرونناسی جیهان، لە دوای چەندین ساڵ لە نوسینی (ئۆدیب) ەوە، لە یەکێک لە تێزەکانی خۆیدا (گرێی ئۆدیب) وەردەگرێت و شیکاری دەکات، قسە لەسەر کۆنسێپتی سێکسی کوڕ و دایک دەکات، لە ڕێگەیەوە غەریزەی نێوان کوڕ و دایک شیدەکاتەوە، کە بە پێی خوێندنەوەکانی (فرۆید) غەریزەیەکی سێکسییە.

دونیای ئەدەبی جیهان هەتاکو ئەمڕۆش بە قووڵی کەوتۆتە

ژێر کاریگەریی بیر و دیدگای ئەم تێکستانەوە. هەر بۆ وێنە (ئەلبێرد کامۆ) لە شانۆنامەی (خراپ تێگەیشتن)دا کار لەسەر هەمان بابەتی ئۆدیب دەکات، بەڵام لەوێدا لە جیاتی کوڕ باوکی بکوژێت، دایک نازانێت و کوڕەکەی خۆی دەکوژێت، یان نوسەری سوێدی (لاش نۆرێن) ئەگەر بێت و بەرهەمەکانی بەراورد بکەین بە (ئۆدیب پاشا) لە چەندین شانۆنامەیدا کاری لە هەمان بابەتی (ئۆدیب)دا کردۆتەوە بە شێوەی جیاواز، دەبینین لە شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن)دا هەمان تێمای کوشتنی باوک لەلایەن کوڕەوە بوونی هەیە، پاش ئەوەی کوڕێک کچەکەی خۆشەویستی شەوێک دێنێتەوە ماڵەوە، درەنگانێک باوکەکە ئارەزووی سێکسی بۆ خۆشەویستی کوڕەکەی دەجوڵێت و نزیکە سێکسی لەگەڵدا بکات، کوڕەکە بەم ڕەفتارەی باوکی دەزانێت و  توڕەدەبێت، پێی دەڵێت: من دەمێک بوو ئەم بیرۆکەیەم هەبوو، مەبەستی بیرۆکەی کوشتنی باوکێتی، بۆیە هەڵدەستێت بە کوشتنی باوکی، یاخود لە شانۆنامەی (شەڕ)ی هەمان نوسەردا،پاش ئەوەی باوکێک بە هۆی جەنگەوە ماوەی چەند ساڵێکە ژنەکەی و کچەکانی جێهێشتووە، دەگەڕێتەوە بۆ لایان، ئەمە لە کاتێکدایە کچەکەی بۆتە لەشفرۆش، ژنەکەشی ئامادە نییە سێکسی لەگەڵدا بکات، لە ساتێکدا بەها مۆڕاڵییەکان تێکدەشکێن و باوکەکە پێی وایە چیتر گرنگ نییە هەرکەس لەگەڵ کچەکەیدا سێکس بکات، دەیەوێت لە کچەکەی نزیک بێتەوە و سێکسی لەگەڵ بکات، ئەم کارکردنەوانە لە ناو (ئۆدیب)دا لای زۆر شانۆنامەنوسی دیکەش هەیە، واتە دەکرێت بڵ□یین تێکستی (ئۆدیب پاشا) لە توانایدا هەیە سەدان تێکست لە هەناوییەوە بێنە بوون.

(ئۆدیب) کانگایەکە بەردەوام شتی نوێ و ڕەهەندی نوێی تێدا دەدۆزرێتەوە، ئەوەی ژوولیا کریستیڤا پێی وایە (تێکست ئاوێنەی تێکستە) تەواو بەسەر (ئۆدیب پاشا)دا پراکتیزە دەبێت، چونکە (ئۆدیب) ئاوێنەی سەدان تێکستە و بێکۆتا دەکرێت تێکستی نوێی لێ بەرهەمبێت، (ئۆدیب) یان هەر تێستێکی دیکەی کلاسیک بواری تێدایە بخرێتە فۆڕمی نوێوە و لە ڕێگەی کردەی (بەهاوچەرخکردن)ەوە بکرێتە خەمی مرۆڤی نوێ، ئەمەش بەهۆی ئەو بابەتە ئەنتۆلۆژییە قوڵ و گەورانەی هەریەکێکیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵیانگرتووە.

**سەرچاوەکان:**


**- ئەرستۆ تالیس، هونەری شیعر(پۆیتیکا)، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: د.حەمید عەزیز، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان.**

**- ویلیام جیمز دۆرانت، مێژووی شانۆ، وەرگێڕانی:(پێشڕەو حسەین) لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان.**

**- لاش نۆرێن، شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن)، وەرگێڕانی (هیوا قادر)**

**- لاش نۆرێن شانۆنامەی (شەڕ)، وەرگێڕانی: (دلاوەر قەرەداغی)، زنجیر(9)ی شانۆی بیانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.**

**- درامای کوردی لە ناو درامای جیهانیدا، حەمە کەریم هەورامی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.**

# سامۆیل بێکێت، نوسەرە ترسناکەکە

هەمیشە لەگەڵ ناوی بێکێتدا بیرم بۆ ترس دەچێت، یاخود ترس دامدەگرێت، چونکە ئەو ناوە تەنیا ئاماژە نییە بۆ ناوی مرۆڤێکی ئاسایی، بەڵکو هێمایە بۆ دونیایەکی نائاسایی، هەر شتێکی نائاسایش ترس و گومان و ڕاڕایی... لە خۆیدا هەڵدەگرێت، بۆ منیش دونیای بێکێت لە دونیا هەرە نائاساییەکانە، ئەمەی لێرەدا دەینوسم مەرج نییە شتانێکی نوێبن لە بارەی نوسەرێکی گرنگی وەک بێکێتەوە، بەڵکو ڕووانینی تاکو ئێستامە، بەتایبەت لە شانۆنامەی (کۆتایی گەمە)، ئەمەش لە ئەنجامی سەرسامیم بۆ کارەکانی و گەڕانم بەدوای ئەوەی لەبارەیەوە وتراوە و دەستم کەوتووە.

دونیا لە خۆڵەمێشدا

هام: چی ئەبینیت؟

کلۆف: خۆڵەمێش.

**(کۆتایی گەمە/ سامۆیل بێکێت)**

دونیای نوسینی بێکێت دونیای دوای جەنگە گەورەکانە، دونیای پاش وێرانبوونی مرۆڤ و بەهاکانییەتی، کە تێیدا هیچ شتێک لە جێگەی ئاسایی خۆیدا نییە، لەلای بێکێت جیهان لە خۆڵەمێشدا نوقم بووە، ئەمەش نەک تەنیا بە دیالۆگ، بەڵکو لە کۆی گەشی

هەر شانۆنامەیەکیدا هەستی پێدەکرێت، کاتێک شانۆنامەیەکی دەخوێنیتەوە لەسەرتاوە تاکو کۆتایی تەمێکی خۆڵەمێشی بەری چاوت دەگرێت، بێکێت لە جۆری ئەو نوسەرانەیە دەست دەبات بۆ جێگە هەرە هەستیار و هەرە ئازاربەخشەکانی مرۆڤ، ئەو لە تاریکاییەکانی ناوەوەی خۆمان بە ئاگامان دێنێت و نایەوێت جیهان بە جوانییەکی درۆزنانە برازێنێتەوە ، بەڵکو مەبەستێتی لە ڕێگەی نیشاندانی وێنەی ڕاستەقینەی شتەکانەوە مرۆڤ بخاتە هەیەجانێکی تاڵ و بە سوێوە، هەربۆیە کارکردنی لەسەر جەوهەری مرۆڤە نەک ڕوواڵەت، مرۆڤ لەلای بێکت ئەو دەمەی گۆرانی دەڵێت ئەو دەمەی سەما دەکات، ئەو کاتەیە لە دڵەوە ئازاری هەیە و غەمبارە، ئەو کاتەیە ئاسمان بەسەریدا کەوتووە. لە میانەی خوێندنەوەی شانۆنامەکانی بێکێتەوە تێدەگەین نوسین لای ئەو جەنگە لە پێناو گەڕانەوەی شتە لەدەستچووەکاندا، بۆ وێنە سروشت وەک یەکێک لە شتە لەدەستچووەکانی مرۆڤ، وەک خەونێک کە گەڕانەوەی زەحمەتە، ئەوەتا لە شانۆنامەی (کۆتایی گەمە)دا لە زمانی کاراکتەری (هام)ەوە دەڵێت: چ خەونێکبوون ئەو دارستانانە؟, بە مانای ئەوەی سروشتی ڕاستەقینە خەونێکبوو مرۆڤ لێی بەخەبەر هاتەوە و گەڕانەوەی بۆ نییە.

بێکێت لە ڕێگەی وشە و ڕستە شیعرییەکانییەوە تا سنورێکی هێند قوڵی بیرکردنەوەت دەبات کە زەحمەتە بە ئاسانی لێی بگەڕێیتەوە، بەو مانایەی ئاسان نییە بە دونیا نوسینەکانی بێکێتدا تێپەڕیت و ڕوانینت نەگۆڕدرێت، ئەگەر لەسەرلەبەری ژیانیشت نەگۆڕێت، چونکە ئەم نوسەرە لەو جۆرانەیە دەستکاریی

ڕووانینی باو دەکات و جۆرێکی دیکە ڕووانینمان پێدەبەخشێت کە ڕووانینی بێکێتانەیە، تەنانەت ئەگەر بێت و دە بۆ پانزدە شانۆنامە لە نوسەرانی پێش بێکت بخوێنیتەوە بە ئاسانی هەست بەو وەرچەرخانە دەکەیت کە ئەم نوسەرە کردوویەتی لە نوسینی شانۆنامەدا لە ڕووەکانی (بابەت، تەکنیک، زمان، چیرۆک، هێڵی درامی....) لەوێشەوەیە هەست بە جیهانی پێش بێکت و پاش بێکت دەکەیت، چونکە ئەم نوسەرە لوتکەیەکی گرنکە لە ئەدەبی مۆدێرن و ناکرێت باسی ئەدەبیاتی نوێ بکەین و باسی گرنگی و بایەخی ئەم نوسەرە نەکەین,

مۆڕاڵ لە گەمەدا

ناگ: شۆرباکەم.
هام: وەچە نەفرەت لێکراو.

## (کۆتایی گەمە/ سامۆیل بێکت)

یەکێک لەو بابەتانەی بێکت لە شانۆنامەی (کۆتایی گەمە)دا کاری لەسەر کردووە بابەتی نەمای بەها و نرخی مرۆڤە، بابەتی تێکشکاندنی مۆڕاڵی باوە، بۆ وێنە (دایک و باوک) دوو کاراکتەری گرنگن لە ژیانی هەر مرۆڤێکدا و لای زۆر مرۆڤ ئەم دوو کەسە تاکو ئاستی پیرۆزی دەڕۆن، کەچی لە شانۆنامەی (کۆتایی گەمە)ی (بێکێت) دا ئەم دووانە لە تەنەکەخۆڵدان و لەوپەڕی قێزەونیدا دەژین، بەهای ڕاستەقینەی خۆیان لەدەستداوە و

بێڕێزییان بەرامبەر دەکرێت و لەسەر ئەوەی داوای خواردنێکی سادەی وەکو شۆربا ئەکەن، سوکایەتییان پێدەکرێت، ئەمە ئەوپەڕی بزربوونی بەها و نەمانی نرخی مرۆییانەیە، کە بێکێت لەو ڕێگەیەوە دەیەوێت پێمان بڵێت ڕۆژگاری دوای جەنگە گەورەکان، ڕۆژگاری بێڕەحمی و نەمانی بەهای مرۆڤ و لەیەک ترازانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە, ئەوەتا دایک و باوک مەحکومن بەوەی ژیان لە ئەوپەڕی قێزەونیدا بەسەر بەرن، وەک سزایەک لەلایەن کوڕەکەیانەوە، کە ڕەنگە لەبەرامبەر ئەوەی دایک و باوکی لە پێناو چێژێکدا یاخود لە ئاکامی هەڵەیەکەوە ئەمیان هێنابێتەبوون.

ڕوانینی گاڵتەجار
ناگ: سوێند ئەخۆی؟
هام: ئا.
ناگ: بەچی؟
هام: بە شەرەف (ساتێک، هەردووکیان پێدەکەنن)

**(کۆتایی گەمە/ سامۆیل بێکت)**

هەر کات شتەکان لە کات و شوێنی خۆیاندا بەکارنەهاتن، ڕەهەندێکی گاڵتەجاڕ و هەندێک جاریش پێکەنیناوی وەردەگرن، بۆ نمونە هەمووان دەزانین پێڵاو دەکرێتە پێمان، بەڵام ئەگەر بێت و کەسێکمان بینی پێڵاوی کردبووە سەری، یاخود دەستی، بێگومان ئەوە دەبێتە مایەی گاڵتەجاڕ، ئەوەتا لە شانۆنامەی دوایارییدا کاراکتەری کلۆڤ داشی دامەیەکە بە دەست

کاراکتەری هامەوە کە بەردەوام دەیهێنێت و دەریبات، بەبێ ئەوەی هۆکاری جددی هەبێت بۆ جولەکانی، بەڵکو زۆرجار بۆ شتێکی کەم بایەخ ڕێگەیەکی زۆری پێدەبڕێت، یاخود لە شانۆنامەی لە چاوەڕانی گۆدۆدای هەمان نوسەر هەر لە دەسپێکی شانۆنامەکەدا کاراکتەرێک گیری خواردووە بە دەست بەردێکەوە لە ناو پێلاوەکەیدا و دەیەوێت پێڵاوەکانی دابکەنێت و ناتوانێت, بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کۆنسێپتی گاڵتەجار لای بێکت لەو پەڕی قوڵایی فیکریی خۆیدایە، نەک تەنیا لە پێناو پێکەنینێکی ڕاگوزەردا، بەڵکو مەبەست لە دروستکردنی ئەو گاڵتەجارە دروستکردنی پێکەنینێکی خەمهێنەرە، چونکە ئەو جۆرە لە گاڵتەجار لە هەواڵی نیشاندانی حەیقەتدایە و حەیقەتیش لە زۆر باردا تاڵە، لە دونیایی بێکێتدا هیچ شتێک تێیدا لە جێگەی خۆیدا نییە، شتەکان ئاوازی ڕاستەقینەی خۆیان ون کردووە، خەون دەستێکی باڵای بەسەر تەواوی کەشی نمایشنامەکانیدا گرتووە، زمان تا دواسنور چڕدەبێتەوە، شیعریەت دەرفەت نادات بە قسەی ئاسایی بێتەگۆ، وشە لەلای ئەم نوسەرە نەشتەرێکە و شوێنە هەرە تاریک و پەراوێزەکانی ناوەوەی مرۆڤ دەبڕێت، بێکێت بیرمان دەخاتەوە کە برینە قوڵ ئەنتۆلۆژییەکانمان لە بیر نەکەین، هەموو ئەمانەش لە ڕێگەی شێوەگوزارشتێکەوە کە زۆرجار گاڵتەجارە، بۆیە مەرج نییە ئەوەی جددییە و دەمانەوێت بەیانی بکەین، هەمیشە لە ڕێگەی زمانێکی جددییەوە بیڵێین، بەلکو لە زۆر باردا گاڵتەجار یارمەتیدەرێکی باشە بۆ وتنی شتە هەرە جددیی و گەورەکان.

# له پێناو گەیشتن بە شانۆی مییرهۆڵد
# خستنەڕووی کتێبی (فیزیای جەستە)

**"ئێوە ڕاست دەکەن، بە ڕاستی دەبێت نمایشکردن بەو جۆرەبێت"**

**"بۆریس باسترناك" له بارەی "ڤسیڤولد مییرهۆڵد"ەوە**

کتێبی (فیزیای جەستە، مییرهۆڵد و شانۆی جوڵە و ڕیتم) کتێبێکی قەبارە مامناوەندی "د. فازل جاف"ە که بە زمانی عەرەبی نووسیویەتی و ساڵی 2006 بڵاوبۆتەوە، ئەمساڵیش لەلایەن هەریەک له "کامەران سوبحان، عەبدڵڵا مەحمود زەنگەنە"ەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و له چاپکراوەکانی تایبەت بە ڕۆژی جیهانی شانۆ"دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم" بڵاویکردۆتەوە، ئێمەش له پێناو ناساندنی کتێبەکەدا هەوڵدەدەین چەند ڕەهەندێکی بخەینەڕوو.

**"گالینا تیتۆڤا" له پێشەکی کتێبەکەدا**

(گالینا تیتۆڤا) له پێشەکی کتێبی "فیزیای جەستە"دا سەرسوڕمانی خۆی بۆ نووسەری ئەم کتێبە دەردەبڕێت، کاتێک چۆتە ڕوو ڕووسیا تا له ئەکادیمیای "سان پترسبۆرگ" دکتۆرا له هونەری شانۆدا بە دەست بێنێت و لەو بارەیەوە دەڵێت: سەرەتا سەرم سوڕما لەوەی "فازل جاف" که تازە هاتۆتە یەکێتی سۆڤێت، دەیەوێت تێزی دکتۆراکەی لەسەر بابەتی لێکۆڵینەوە له شانۆدا بێت، له خۆرئاوا و کەلەپوری مییرهۆڵدا، بەڵام دواترله ئەنجامی یەکتر ناسینمان، پاساوی هەڵبژاردنی ئەو بابەتەیم بۆ

ڕوونبووەوە.
هەر لە درێژەی پێشەکییەکەدا "گالینا" باس لەوە دەکات لە سەرەتای سالانی حەفتاکانەوە، بایەخدان بە لێکۆڵینەوە لە داهێنانەکانی مییرهۆڵد لەلایەن توێژەرانی ئینگلیزەوە مۆرکی توێژینەوەی سیستماتیکیی وەرگرتووە، سەرەتا لە بڵاوکردنەوەی نووسینەکانی ئەم دەرهێنەرەوە تا دەگاتە نووسینی لێکۆڵینەوەی فراوان لە بارەیەوە و هاوکات نووسین و سیستماتیکی ئیشکردنی توێژەران و شانۆکاران و پەروەردەکار و پراکتیکییەکان.
لە بەشێکی دیکەی پێشەکییەکەدا دەربارەی ئەم کتیبە دەڵێت: لەم کتیبەی "فازل جاف"دا، قسەکردن لە "ڕۆبێرت لیچ" پێگەی دیاری هەیە، چونکە بە یەکێک لەو هونەرمەندانەی پۆلێن دەکات، کە خاوەنی ئەو پێکهاتە ڕۆحییەن "مییرهۆڵد" خەونی پێوە دەبینی.
لە کۆتاییدا "گالینا" جەخت دەکاتەوە کە کتێبەکەی "فازل جاف" قەناعەت بە خوێنەر دەهێنێت کە مییرهۆڵد یەکێکە لەو شانۆکارە بێوێنانەی بایەخیان بە تێپەڕبوونی کات کەم نابێتەوە، بەڵکو زیندوویی گاریگەریی ئەو لە هەموو تاکێکدا دەردەکەوێت، کە بیەوێت جارێکی تر لە خۆیدا بیدۆزێتەوە و ڕێز لە کارەکەی بگرێت، هەروەها تێبگات مییرهۆڵد تاچەند تێگەیشتن لە وزە و تواناکانی شانۆی گۆڕی، دەشکرێت هەمان شت دەربارەی نووسەری ئم کتێبە بگوترێت.

### لە میانی فیزیای جەستەدا

"فازل جاف" لە میانی کتیبی "فیزیای جەستە"دا خوێنەر لەو وەرچەرخانە گەورەیە بە ئاگادێنێت کە "مییرهۆڵد" لە ڕێگەی

هێنانە ئارای دیدێکی نوێ بۆ شانۆ، لە شانۆی ڕووسی و دواتریش شانۆی جیهانیدا کردوویەتی، کتێبەکەی دەکاتە هۆکارێک بۆ ناساندنی تایبەتمەندی و شێوازی کارکردنی ئەم تیۆریستە گرنگەی شانۆی جیهانی، لەم ڕووەشەوە ڕای گەورە ڕەخنەگران دەکاتە سەرچاوە بۆ زیاتر چەسپاندنی بۆچوونەکانی، لەوانە بۆچوونی گەورە دەرهێنەر "ئەندرێن ئەنتوان" کە دەربارەی شانۆیی "جەنابی موفەتیش"ی "مییرهۆڵد" دەڵێت: پێش ئەم نمایشە نەدەکرا باس لە مافی دەرهێنەر بکرێت، لە ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە بابەتی کاراکتەر، یاخود ناوەڕۆکی ئیشی هونەریی، یان دەستکاریکردنی ئەو دەقەی کە بۆی ئامادەکراوە، وەک ئەمڕۆ کای لەو جۆرە ئەنجام دەدرێت. "گریک"  درێژە بە باسەکەی دەدات و دەڵێت: ئەمجۆرە تیۆرە لە شانۆ سروشتییەکانی ئەمڕۆماندا بڵاوبۆتەوە و ئاستێک لە ئامادەباشی بۆ داکۆکیکردن لە لامان دروستکردووە، بەهەرحاڵ سوپاس بۆ "مییرهۆڵد" کە خەمخۆری ئێمەی گێڕایەوە بۆ ئەم ئاستە باڵایە.

لەم کتێبەدا "فازل جاف" تەرکیز دەخاتە سەر ئەو بۆچوون و توێژینەوانەی کە لەلایەن ڕەخنەگر و هونەرمەندانی ئەورووپا و ئەمریکاوە کراوە، بە وردیش باس لە چۆنێتی گەیشتنی داهێنانەکانی "مییرهۆڵد" دەکات بە ئەورووپا و ئەمریکا، لەوانە ڕای ڕەخنەساز و ڕۆژنامەنووسی ئینگلیز "هانتلی کارتەر" کە دەڵێت: مییرهۆڵد ئەو مرۆڤەیە کە دەکرێت بە بەشێکی ئۆرگانیی دابنێین لە شانۆدا، بۆ شانۆ دەژی و تەنها بیریش لەو دەکاتەوە، ئەو هەمیشە بیر لە سروشت  و گرنگی شانۆ دەکاتەوە، لە پێناوی

بەرزکردنەوەی بۆ بەرزترین ئاست خەبات دەکات، دروشمی میرهۆڵد بریتی نییە لە "شانۆ لە پێناو ژیاندا، بەڵکو دروشمی ئەو بریتییە لە ژیان لە پێناوی شانۆدا"

پیکاسۆی نیگارکێشیش دەڵێت: ئەگەر بتەوێت فێری پێکهاتن(کۆمپۆزسیۆن) بیت، دەبێت مایرهۆڵد بخوێنیت. ئەمەش مانای ئەوەیە کە کاریگەریی داهێنانەکانی "میرهۆڵد" تەنیا لە بواری شانۆدا کاریگەر نەبووە، بەڵکو گوێزراوەتەوە بۆ بوارەکانی دیکەی هونەر.

بەردەوامبوون لە خوێندنەوەی کتیبەکە ئاستی داهێنەرانەی ئەم تیۆریستەت بۆ دەردەکەوێت، کە چۆن شانۆ لە شانۆیەکی باوەوە دەگوێزێتەوە بۆ شانۆیەکی ناباوی داهێنەرانە، جیاواز لەو شانۆیەی پێشێتر هەبووە، تەنانەت "ستانسلافسکی" کە یەکێکە لە داهێنەرەکانی شانۆی ڕیالیستی لە ڕووسیادا، لە سەرەتادا دژی دیدەکانی بووە، بەڵام لە ساتێکدا دەگاتە ئەو بڕوایەی کە (شانۆی هونەریی مۆسکۆ) بێ توانایە لە بەرامبەر ئەو داهێنان و ئاستە باڵایەی کە "میرهۆڵد" پێی گەیشتووە، بۆیە بانگێشتی دەکات بۆ سەرپەرشتیکردنی یەکەمین ستۆدیۆی ئەکتەر بە ناوی "ستۆدیۆی شەقامی پۆڤارسی" لەبەرامبەریشدا "دانچینکۆ" هەر لە بەرەی دژەکانی "میرهۆڵد" دەمێنێتەوە، ئەمەش نیشانەی داهێنەری "میرهۆڵد" دەردەخات، چونکە لە دونیادا هیچ داهێنێک نەبووە چەندە دڵخوازی هەبێت، ئەوەندە و بگرە زیاتریش نەیاری نەبووبێت.

هەروەها لایەنێکی باشی دیکەی کتێبی (فیزیای جەستە) ئەوەیە کە نووسەر زۆرینەی ئەو مەشق و ڕاهێنانەی نووسیوەتەوە

کە میرهۆڵد بۆ گەیشتن بە (نواندن) بە قوتابییەکانی کردوون، ئەمەش لە ڕێگەی پشت بەستن بە نووسینی هونەرمەندان دەربارەی مەشقەکانی "میرهۆڵد"ەوە بێت، یاخود لە ئەنجامی ئیشکردنی نووسەرەوە بێت لەگەڵ خوێندکارانی ئەو پەیمانگا ئەکادیمییانەی کە کاری لەگەڵ کردوون چ وەک ۆرک شۆپ و چ وەک وانەبێژ.

"کتێبی فیزیا"ی جەستە هەوڵدەدات بە زمانێکی سادە و تائاستێکی باش ڕوون قسە لەو بابەتانە بکات کە کردوونیەتە جێگەی باس، ئەمەش کۆمەکێکی باشی خوێنەر دەکات، تاکو بێ کێشە لەگەڵیدا بەردەوام بێت و سات لە دوای سات زیاتر حەز بکات بزانێت داهێنەرێکی وەکو "میرهۆڵد" بەکام لە دۆخەکانی ژیاندا تێپەڕیوە و لە کوێوە گەیشتۆتە ئەو ئاستە بەرزەی داهێنانی هونەری، هاوکات نوسەری ئەم کتیبە خۆیشی خوێندنەوەی بۆ هەر یەک لە قۆناغ و ئاستە جیاوازەکانی شانۆی "مییۆهۆڵد" هەیە و دەیەوێت لە میانی بۆچوونی ئەوانی دیکەوە شتی نوێ بەرهەمبێنێت، ئەمەش سیفاتێکی بنچینەیی هەر تێزێکی زانستییە، واتە تەنیا خۆی بە وتنەوەی ئەو شتانەوە سەرقاڵ ناکات کە پێشتر گوتراون، بەڵکو لە ئەنجامی هەر شتێک کە گوتراوە ئەمیش دیدی تایبەت بە خۆی هەیە.

**میرهۆڵد مرد؟**

"کتێبی فیزیای جەستە" تەنیا باس لە تیۆرە شانۆییەکەی میرهۆڵد ناکات، بەڵکو لە ورد و دروشتی ژیانی ئەو داهێنەرە دەلۆڵێتەوە و ئەو هەڵوێست و بۆچوونانەش دەخاتە ڕوو کە "میرهۆڵد"

له ژیانیدا هەیبوون، ئەوەتا لە ژێر ناوی "مردنی تراژیدیایی مییرهۆڵد"دا باس لەو هەڵوێستە جەربەزانەیەی "مییرهۆڵد" دەکات کە بەرامبەر قەدەغەکردنی ئۆپێرای "لێدی ماکبیس" هەیبووە، کە کارێکی میوزیسیانی بەناوبانگ "شستاکۆفیچ" بوو و دەبێتە هۆی خەوزڕاندنی "ستالین"، ئەوەش وادەکات بڕیاری قەدەغەکردنی بدات، هەر ئەو هەڵوێستەشی وادەکات "ستالین" بیر لەوە بکاتەوە کە خۆڕزگارکردن لە "مییرهۆڵد" مەسەلەیەکی گرنگە.
هەر لە هەمان بەشدا باس لەو وتارەی "مییرهۆڵد" دەکات، کە لە ڕۆژی سێیەمی "کۆنگرەی دەرهێنەرانی سۆڤێت"دا پێشکەشی دەکات، کە تێیدا پێچەوانەی پێشبینییەکانی لایەنگرانی ستایشی ئەو پێوەرانە دەکات کە فیکری ستالینی بۆ هونەر دایانابوون، کە ڕەنگە هۆکارەکەشی بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە "مییرهۆڵد" لە سایەی دەستەڵاتی "ستالین"دا مەترسییەکی زۆر لەسەر ژیانی هەبووە، ئەم مەترسییەش لە ئەنجامدا بە کوشتنی لەلایەن ئەو دەستەڵاتەوە کۆتایی دێت.
"مییرهۆڵد" کوژرا، دەستەڵاتە چەوسێنەرەوەکەی "ستالین"یش کۆتایی هات و بووە پەڵەیەکی ناشرین و پڕ لە کرداری نامرۆڤانە لە مێژوودا، بەڵام داهێنەکانی "مییرهۆڵد" هەتاکو مرۆڤایەتی مابێت دەدرەوشێنەوە و بەردەوام سەرچاوەیەک دەبێت بۆ هەڵگۆزینی ستاتیکا لە پێناو خۆلقاندنی چێژ بۆ مرۆڤایەتی.

**سەرنج:**

چاپکردنی کتێبێکی وەکو "فیزیای جەستە" پێویستییەکی بە بایەخە، بەڵام ئەوەی زیاتر ئەم بایەخدانەی هەر دەزگا و دامەزراوەیەکی وەشاندن نرخدارتر دەکات، بەکارهێنانی سەلیقەی زیاترە لە چاپکردنیدا، بەوەی هەوڵی تەواو بدرێت کەمترین هەڵەی تێدا بێت، ئەوەتا لەم کتیبەدا لەگەڵ ئەوەی چەندین هەڵەی تایپی تێدایە، لە دوو جێگەدا هەڵەی زۆر ڕوونی تێدایە، ئەوانیش لە پەڕەگرافی کۆتایی پێشەکییەکەی (گالینا تیتۆڤا)دا و لە لاپەڕە (24) لە جیاتی ئەوەی بنوسرێت کتێبەکەی (فازل جاف) نووسراوە کتێبەکەی (مییرهۆڵد)، هەروەها لە لاپەڕە (64)دا دیارەی دوای ئەوەی پێداچوونەوە بۆ کتێبەکە کراوە، تێبینییەک نووسراوە دەربارەی دوو سەرچاوەی بەکارهاتوو کە بە هەڵە دانراون، بەڵام تێبینییەکە وەکو خۆی دانراوەتەوە بەبێ ئەوەی سەرچاوەکانیش ڕاستکرابێتنەوە.

# هونەری نواندن
# کتێبی(ئەکتەری نەبینراو) وەک دەروازە

لە کتێبخانەی شانۆی کوردیدا دەگمەنن ئەو بەرهەم و تێکستانەی خزمەت بە ناوەند و دامەزراوە ئەکادیمییەکان دەکەن، ئەمەش بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی تیۆریستی شانۆیی و بەشەکەی تریشی دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی یاخود کەمی وەرگێڕی پسپۆر لە بواری شانۆدا, چونکە وەرگێڕانی تێکست و بابەتی شانۆیی کاری هەموو وەرگێڕێک نییە، بەڵکو پێویستە کەسی وەرگێڕ ئاگاداری بنەماو خاسیەتەکانی هونەری شانۆو تێکستی شانۆ و تیۆرە جیاوازەکانی شانۆ بێت، تاکو یتوانێت لە کاتی وەرگێڕاندابە ئاسانی چەمک و زاراوە شانۆییەکان بگوێزێتەوە.
ئەمەی ئێمە دەیڵێین نائومێدی نییە بەرامبەر بوونی کاری جددی و زانستی لە بواری وەرگێڕانی بابەت و بەرهەمە شانۆییەکاندا، چونکە دەبینین لێرە و لەوێ کەسانێک هەن تا ڕادەیەک خۆیان بۆ وەرگێڕانی بواری شانۆ تەرخانکردووە و بە هەوڵ و ماندووبوونەکانیان بڕێک لە سەرچاوە گرنگەکانی دونیایان بە زمانی کوردی ئاشنا کردووە.
کتێبی (ئەکتەری نەبینراو) کە وەرگێر (فاروق هۆمەر) لە زمانی ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، بەرهەمێکی تیۆری بواری هونەری نواندنە و لەلایەن (تیپی شانۆی سالار) ەوە دواتریش جارێکی دیکە لەلایەن (دەزگای ئاراس)ەوە چاپ و بڵاوکراوەتەوە.
ئەم کتیبە نوسینی (یۆشی ئۆدیا و لۆرنا مارشەڵ)ەو بە قەڵەمی

شانۆکاری هاوچەرخی جیهانی(پیتەر بروک) پێشەکی بۆ نوسراوە, لەبارەی کتێبەکەوە بروک دەڵێت: (یۆشی ئۆدیا لە ڕێی ئەم کتێبە ناوازەیەی خۆیەوە ئەوەمان بۆ دەخاتە ڕوو کە چۆن نهێنی و تەلیسمەکانی نواندن هێزێکی جیانەکراوەیە لەو زانستە کۆنکرێتی و پڕ کارامەیی و هەمەلایەنەی کە لە ڕێی ئەزموونەوە فێری دەبین، ئەو وانە گرنگ و زیندوونەی کە ئەو دەیگەێنێتە ئێمە ئەوەندە ڕۆشنی و ناسکییەوە باسیان لێوە دەکات، کە لە ئاستیاندا هەست بە هیچ بارگرانی و دژوارییەک ناکەین....)

ئەم کتێبە لە پێنج بەشی سەرەکی پێکهاتووە، کە لە ژێر هەریەک لەم ناوانەدان، (هەڵچوون، جوڵە، نواندن، ئاخاوتن، فێربوون) لە نێو هەر بەشێکیشدا ناونیشانی لقی هەیە، بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو بابەتەی بەشەکە لەسەری دەدوێت، ئێمەش لێرەدا هەوڵدەدەین گەشتێکی بە نێو سیان لە بەشەکاندا بکەین و شتێک لە ڕووناکی بخەینە سەریان.

بەشی یەکەمی کتێبەکە باسکردنە لە سەرەتای دەسپێکردنی مەشق و ڕاهێنان لە کارێکی شانۆییدا، ئەویش لە ڕێگەی گونجاندانی شوێنی پڕۆڤە و دواتر مەشقێک کە دەکرێت بە مەشقی پیتی (ڤی) هەڵگەڕاوەی ئینگلیزی ناوی بەرین، چونکە ئەکتەر ئەژنۆی لەسەر زەوی دانانێت، بەڵکو تەنیا پێیەکانی و هەردوو دەستی لەسەر زەوییە و لە ڕێگەی پارچەیەک پەڕۆ بە دەستییەوە دەڕوات بۆ پێشەوە، ئەمەش بۆ بەهێزبوونی لاکەلەکانی جەستە و لێوردبوونەوە و خاوێنکردنەوەی شوێنی پڕۆڤە، واتە ئەم مەشقە لەیەک کاتدا سێ سودی دەبێت، -1 بەهێزبوونی لاکەلەکانی جەستە -2 لێووردبوونەوە -3 خاوێنکردنەوە.

پاشان هەر لەم بەشەی کتێبەکەدا باس لە بایەخی پاک و خاوێنی دەکرێت لە ئاینە جیاوازەکاندا، کە ئەمەش یەکێکە لە مەرجەکانی شوێنی پڕۆڤە، دواتر دێتە سەرباسی چەند ئەندامێکی لەشی مرۆڤ، کە بە (نۆ چاڵی سەرجەستە) ناویان دەبرێت، ئەوانیش هەریەک لە (هەردوو چاڵی چاو، هەردوو کونی لوت، هەردوو پەڕەی گوێ، چاڵی دەم و دوو چاڵی دیکە کە یەکیان بۆ دەرهاویشتنی تەڕایی و ئەویدییان بۆ دەرکردنی پیساییە). کە ئەم کتێبە بۆ هەریەک لەو چاڵانە مەشقی تایبەت دیاری دەکات و لە ڕێگەیانەوە دەتوانرێت وا لەو ئەندامە بکرێت لە کات و شوێنی پێویستدا کاری خۆیان بە ڕێک و پێکی ئەنجام بدەن، وە نوسەر پێی وایە هەرکات توانیمان ئاگامان لەو نۆ چاڵە بێت کە دەکەونە سەر جەستەمان، ئەوە بۆمان دەلوێت بەرەو ئەندامە گرنگەکانی جەستەمان پەلبهاوین، ئەم بەشە یارمەتیمان دەدات بۆ ئەوەی زیاتر و وردتر جەستەی جۆمان بناسین، هانمان دەدات بۆ ئەوەی بەرلەهەر شت جەستە بکەینە ئامرازی گەیاندن، چونکە بەبێ ناسینی جەستە زەحمەتە بگەینە ئەو ساتەوەختانەی کە بینەران قایل بکەین بە نمایشەکەمان.

لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا نوسەر دێتە سەر باسی (جوڵە) کە ئەویش کەرەستەیەکی گرنگی کردەی نواندنە و بەبێ جوڵە ئەستەمە پڕۆسەی شانۆ ڕووبدات، لەم بارەیەشەوە نوسەر دەڵێت: (یەکەمین شت کە ئەکتەر پێویستی بە فێربوونی هەیە جوگرافیای جەستەی خۆیەتی) لێرەوە ئیدی دەچێتە نێو باسی چۆنێتی ناسینی ئەو ئەندامانەی کە هۆکارن بۆ دروستبوونی (جوڵە) و ئەو ئامرازانەی یارمەتیدەرن بۆ چۆنێتی دۆزینەوە

و هەست پێکردنیان، ئەمەش وەک نوسەر ئاماژەی پێدەدات لە ڕێگەی بە گەڕخستنی هۆشیاریی و هەستی ناوەکییەوە، لە میانی باسکردنی هەریەک لە (ڕاوەستان، پراکتیک، ئاراستەکانی جوڵە، دانیشتن، خاوبوونەوە، ڕۆیشتن، چێژ) دەگەینە ئەوەی چۆن و بە چ شێوەیەک جوگرافیای جەستەمان بناسین، چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەین تاکو بتوانین لە ژێر کۆنترۆڵ و ویستی خۆماندا بێت و وەک پێویست لەکاتی خۆیدا بەکاری بێنین، ئەمە هەنگاوێکی گرنگە بۆ کەسی ئەکتەر تاکو بتوانێت لە ڕێگەی جەستەوە نواندنێکی گونجاو پێشکەش بکات، چونکە تاکو بە تەواوی جەستەت ئاشنا نەبیت، ئەوە هەرگیز ناتوانیت وا لە بینەران بکەیت بە چاوێک تەماشات بکات کە تۆ خاوەنی جەستەیەکی بەهرمەندیت و لە تواناتدا هەیە لە ڕێگەی ئێستەتیکای جەستەوە مانا دروست بکەیت و هانی بەرامبەر بدەیت بۆ ئەوەی تەماشات بکات، بە کورتی ئەم بەشە فێرت دەکات کە جەستەت وەک ئامێرێکی موزیکی سازبکەیت بۆ پێشکەش کردنی نمایشێک کە شایستەی بینین بێت.

هەرچی بەشی سێیەمی ئەم کتیبەشە نوسەر لە ژێرناوی (نواندان)دا کۆی کردۆتەوە، پاش ئەوەی نوسەر هەندێک باس لە ئەزموونی خۆی دەکات، دێتە سەر باسی چۆنێتی کۆکردنەوەی گروپێک بۆ ئیشکردنی شانۆ، دواتر دێتە سەر ساتێکی هەرە گرنگی ئەکتەر، ئەویش ساتی یەکەمین دەرکەوتن و یەکەمین بەرکەوتن لەگەڵ بنەراندا، لەو بارەیەشەوە دەڵێت: یەکەم چرکەساتی شانۆییەکە زۆر گرنگە، بۆ دەرهێنەر گرفتەکە لەوەدایە چۆن نواندن دەست پێ بکات، بۆ ئەکتەریش گرفتەکە

لەوەدایە کە خۆی حەشارداوە کە چۆن بۆ یەکەمیین جار بگاتە بەردەم بینەر، لە کاتێکدا ئەوەش ڕاستە کە جێهێشتنی سەر تەختەی شانۆش کەمێک کارامەیی دەوێت، بەم جۆرە نوسەر باس لە بایەخی یەکەمین ساتەوەخت دەکات لەسەر شانۆ، وە بە وردتر بیرو ڕاکانی لە بارەی هونەری نواندنەوە دەخاتە ڕوو، وە لە بەشەکانی دیکەدا بە لەم سیٚ بەشەشدا کە باسمان لێوەکرد نوسەر باش لە هەندێک مەشق دەکات، کە پێویستە ئەکتەر بە کردەیی ئەنجامیان بدات و زیاتر وەک هۆکارێک بەکاریان بێنێت بۆ ئاشنابوونی زیاتر بە نواندن.

ئێمە لێرەدا باس لە تەواوی ڕەهەندو توخمەکانی ئەم کتێبە ناکەین، چونکە مەبەستمان نییە کتێبەکە بۆ خوێنەر ڕوون بکەینەوە، هێندەی دەمانەوێت خوێنەر لە بایەخی ئەم کتێبە ئاگادار بکەینەوە و لەوێشەوە هەندێک بۆچوونمان لەبارەی هونەری نواندنەوە بەیان بکەین.

# شانۆ، وەک مێژوو، وەک وەرگێڕان

## کتێبی(مێژووی شانۆ) و سەرچاوەیەکی گرنگ

لەگەڵ ئەوەی سەرچاوە شانۆییەکان ڕێژەیان کەمە و لە ئاست ئەوەدا نین خوێندکاران و ئارەزومەندانی بواری شانۆ بیکەنە دەروازەیەک بۆ تێکەیشتن و بەدەستهێنانی زانیاری ، زۆرکات نەبوونی سەرچاوە شانۆییەکان بە زمانی کوردی گرفتی خوێندکارانی شانۆیە، هاوکات ئەوەی لەمڕۆدا جێگەی سەرنجە خوێنەرانی بەرهەمەم و سەرچاوە شانۆییەکانیش کەم و دیاریکراون، بەوانەشەوە کە خۆیان خوێنکار یان ئارەزوومەند یاخود هونەرمەندی بواری شانۆن و هەر سەرچاوەیەک بۆ ئەوان دەستکەوتێکی گرنگە و پێویستە ئاگاداری بن و هەروا بە سانایی تێینەپەڕێنن.

مێژووی هونەری شانۆ لە کوردستان مێژوویەکی هێند کۆنی نییە، ئاشکرایە ئەم هونەرەش لە ڕێگەی شانۆیی عێراقییەوە بە ئێمە گەیشتووەو گەشەی کردووە، بەڵام ئەوە ناکاتە ئەوەی کورد وەکو میللەتێکی دێرینی سەر ئەم زەمینە بەتاڵ بێت لەو کردارانەی کە بەسەرەتای سەرهەڵدان و دروستبوونی هونەری شانۆ دادەنرێن، لەوانە (ڕاو و شکارو ئاگر و جەنگ و مانەوە لە ئەشکەوت و بەرهەڵستی دژی ئاژەڵە دڕندەکان) هەروەها (سروتە ئاینی و جەژن و بۆنە نەتەوەیی و یارییە کلتورییەکان) کە ئەوانیش جۆرێک لە ئاماژە و کرداری شانۆییان تێدا دەبینرێت،

باسکردنی ئەم باسە پەیوەندی بە بابەتە سەرەکییەکەمانەوە نییە، هێندە هەیە دەمانەوێت بڵێین ئەم هونەرە نامۆ نییە بە گیان و ڕۆحی ئێمە و گرنگی پێدان و قاڵبوونەو شارەزابوون لێی، کارێکی پێویستە بەتایبەت ئەوانەی مەیلیان لێیەتی و دەیانەوێت بە شێوەیەکی زانستی بەم هونەرە ئاشنابن.

کتێبی(مێژووی شانۆ) لە نوسینی (ولیام جیمز دۆرانت)و وەرگێڕانی نوسەر و هونەرمەند (پێشڕەو حسێن)ە یەکێکە لەو کتێبانەیە کە بەڕێوەبەرایەتی خانەی وەرگێڕان لە دوو توێی (610)لاپەڕەدا چاپ و بڵاویکردۆتەوە.

ئەم کتێبە لە نۆ وەرز پێکهاتووە و هەر وەرزەو باس لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراوی هونەری شانۆ دەکات، وەرزی یەکەم لە ژێر ناوی (مرۆڤ و شانۆ)دا لە سەرەتای سەرهەڵدانی مرۆڤایەتی ئەدوێت ئەو پەیوەندییە قوڵە دەخاتە ڕوو کە مرۆڤ بە هونەری شانۆوە هەیەتی، سەرەتا مرۆڤ لە ئەنجامی بەرکەتنە جۆراو جۆرەکانی لەگەڵ سروشت توشی هەڵوێست و باری دەروونی جیاواز و دەبێت، بۆ ئەمەش پەنا دەباتە بەر شێوە سەرەتاییەکانی گوزارشت کردن لە ئازار و خراپی بارو دۆخ و غەمگینی و بەختەوەرییەکانی، مرۆڤ بونەوەرێک خاوەنی جوڵە و دەنگ، کەواتە بێ ویستی خۆی بەشێک بووە لە پرۆسەیەکی بەردەمی شانۆیی، ئەمەش وادەکات شانۆ بەجۆرێک لەگەڵ ڕۆح و دەروونی مرۆڤدا یەکانگیربێت، جیاکردنەوەیان کارێکی زەحمەت بێت.

لەو دەروازەیەوە نوسەر دەچێنە ناو باسەکەوە و دەیەوێت بەشێک لە مێژووی شانۆ بخاتە ڕوو، چونکە مێژووی شانۆ شانبەشانە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتی و لە هەر قۆناغێکی ژیاندا شانۆش قۆناغی خۆی هەیە، بۆ نمونە قۆناغی شانۆ لە یۆنان کە بە سەرەتایەکی مێژوویی گرنگ دادەنرێت و شانۆ لەوێوە فۆڕمی دیاریکراوی خۆی وەردەگرێت،(تێسپس)وەک یەکەم ئەکتەرو دەرهێنەر لەوێوە سەرهەڵدەدات، هەر لەوێیشەوە(سۆفۆکل و یۆربیدس و ئەسکیلۆس) وەک یەکەم تراژیدیانووس و (ئەرستۆفانیس)وەک گۆمیدیانووس دروست دەبێت، دواتر کارو بەرهەمەکانی ئەوان دەبنە بنەما بۆ کاری شانۆیی و بەبێ گەڕانەوە بۆ سەر تێکست و شێوازی نمایشەکانیان مەحاڵە بتوانین لەم هونەرە تێبگەین، هەر لەم قۆناغەشدا شانۆ بەشێک بووە لە ژیانی ئاینی خەڵک و شانۆیان کردۆتە سەرچاوە بۆ وەرگرتنی ئامۆژگاریی و پەند و زانیارییە ئایینیەکان.

هەروەها شانۆ لە ڕۆمانیاش لە جوڵەدابووە و شوێنی نمایش و بینەران و کەرەستەکانی شانۆکانیان جۆر و تایپی خۆی هەبووە و ئەوانیش خاوەنی مێژوویەکی دەوڵەمەندی شارستانین و باسکردنی مێژووی شانۆ بە بێ باسکردنی ئەوان کەم دەهێنێت، دیاترین شانۆنامەنوسانی ڕۆمانی هەریەک لە (میناندرۆس و سینیکا)یە کە هەر کامیان بگرین لە قۆناغی خۆیاندا و بگرە تا ئێستاش خاوەنی کاریگەری تایبەتین بەسەر ڕەوتی شانۆی جیهانییەوە، ئەوەتا (سکالیژی ) باشترین ڕەخنەگری سەردەمی ڕێنیسانس، سینیکا لە یۆربیدس بە باشتر دەزانێت، وە کاتێک

ئەدەبی ئەو دەمە زیندوکرایەوە، ئەو کەسەی بەرهەمەکانی بووە بنەمای ئەو شانۆنامانەی بە زمانێکی نویٚ دەنوسران، سینیکا بوو، مەزنی و قوڵی ئەم نوسەرە لە ئاستێکدابووە کە کاریگەریی لەسەر (شکسپیر) جێهێشتووە، بۆیە لە کتێبی (مێژووی شانۆ) دا گرنگی تایبەتی بە مێژووی شانۆی ڕۆمانی دراوە و لە ژێر چەندین ناوی جیاوازدا دەربارەی هونەری شانۆ لەم وڵاتەدا نوسراوە.

شانۆ لە هەموو قۆناغێکدا شوێنێک بووە بۆ بینینی حەقیقەت، هەر قۆناغێکی مێژوویش کێشەی لەگەڵ حەقیقەتدا هەبووبێت، کێشەی لەگەڵ شانۆشدا هەبووە.

سەرهەڵدانی مەسیحیەت لە ئەوروپا دەبێتە سەردەمێکی ناهەموار بۆ تەواوی فەرهەنگ و و کۆمەڵگا، ئەو دەم ئاین دەبێتە تەنیا کەلێنێک بۆ گەیشتن بە حەقیقەت، هونەری شانۆش لەم نێوەندەدا و لەگەڵ گەشەسەندنی زیاتری مەسیحیەت لە ئەوروپادا، بە دۆخێکی دژواردا تێدەپەڕێت، بەجۆرێک شانۆ لە ئەرک و پەیامی خۆی دادەماڵرێت و دەکرێتە هۆکارێک بۆ گەیاندنی گوتاری ئاینی مەسیحیەت، ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئەم هونەرە بوونی ڕاستەقینەی نامێنێت و لە تاریکایی کڵساکاندا لە شێوەی نمایشی بچوکی ئاینی و مەزهەبیدا پێشکەش دەکرێت.

دوای تێپەربوونی ئەم قۆناغەو هاتنی شۆڕشی ڕێنێسانس کە کاریگەری بەرچاو لە هەموو بوارە جۆربەجۆرەکانی ژیان و

گوزەرانی خەڵکی دەکات و گۆڕانکاری ڕیشەیی لە دید و فیکردا ڕوودەدەن، شانۆش وەک هونەرێکی زیندوو، بە پشت بەستن بە فیکری نوێ پێدەنێتە قۆناغێکی نوێوەو بە شێوازێکی دیکە گوزارشت لە خۆی دەکات.

لە سەردەمی (ئەلیزابێت)دا شانۆ لەسەردەستی مارلۆ(1564_1593)و شکسپیر(1564_1616) قۆناغێکی نوێ بەیان دەکات، ئەوەتا جێگە دەستی شکسپیری گەورە شانۆنامەنوسی بەریتانی بە جۆرێک بەسەر شانۆی جیهانەوە دیارە، ڕۆژانە لە وڵاتە جیاوازەکانی جیهاندا لە ڕێگەی قسە و باس و لێکۆڵینەوەی وردی شانۆنامەکانییەوە، کۆد و نهێنی تازە دەدۆزرێتەوە و بەچەندین شێوازی جیاواز نمایشنامەکانی پێشکەش دەکرێن و لە چەندین دیدگاوە ڕەهەندی نوێ لە کارەکانیدا دەخرێتە ڕوو.

بەو شێوەیە شانۆ لە زۆرینەی وڵاتانی دونیادا گەشە دەکات و هەر وڵاتەو بە پشت بەستن و بە داب و ئاین و کلتور و جوگرافیا و ڕۆشنبیریی خۆی شێواز و تایبەتمەندی بە شانۆ دەبەخشێت، بۆ نمونە لە (فەرەنسا و ئیسپانیا و ئیتاڵیاو ئەڵمان) دا شانۆ دەبێتە هونەرێکی دیار و شان بەشانی بوارەکانی دیکە کاریگەری خۆی دەبێت و چەندین و نوسەر و دەرهێنەر و ئەکتەر و هۆڵ نمایشی شانۆی بە ناوبانگ دروست دەبن و تا ئێستاش لە جیهاندا باس دەکرێت و هەندێک لەوانە وەرچەرخان و داهێنانی تایبەتیان لە شانۆدا کردووە و بوونەتە کەرەستەیەکی پەروەردەیی لە ناوەندەکانی خوێندنی تایبەت بە شانۆدا، لەم

کتێبەشدا بە گرنگییەوە باس لە کار و بەرهەم و داهێنانەکانی ئەم وڵاتانە کراوە و خوێنەر لە ئەنجامی خوێندنەوەی کتێبەکەدا بە تەواوەتی لە وردەکاری مێژوویی و کاریگەرییەکانی شانۆ لەسەر کۆمەڵ تێدەکات.

لە ڕابردوودا کتێب و سەرچاوە دەربارەی مێژووی شانۆ کراوتەنە کوردی و هەریەکەیان لە کاتی خۆیدا خزمەتی بە فێرخوازان و ئارەزوومەندانی شانۆ کردووە، بەڵام تا ئەم ساتەوەختە هیچیان هێندەی کتێبی (مێژووی شانۆ) لە لایەنی مێژوویی شانۆدا دەوڵەمەند نییە، ئەم کتێبە بایەخ و گرنگییەکی تایبەتی بۆ فێرخوازان و دۆستانی شانۆ هەیە، لێرەشەوە دەکرێت دەستخۆشی لە وەرگێڕی کتێبەکە(پێشڕەو حسێن)بکرێت و ماندووبوونی بنرخێنرێت، بۆ وەرگێڕانی سەرچاوەیەکی وەها کرنگ بۆ دامەزراوە ئەکادیمییەکان و بەهرمەندانی هونەری شانۆ.

# ترس لە شانۆ

ئەوەی هونەری شانۆ لە هونەرەکانی دیکە جیا دەکاتەوە، بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ و ئەو ساتەوەختەیە کە بینەر و ئەکتەر بێ هیچ بەربەستێک هەناسە و جوڵەی یەکتر هەست پێدەکەن، هەر ئەمەش وایکردووە شانۆ وەک زیندووترین هونەر بناسرێت و لە هەندێک جێگەدا بە دایکی هونەرەکان ناوببرێت، سینەماش بە هەموو بەرفراوانییەکییەوە لە توانایدا نەبێت لە بایەخی ئەم هونەرە کەم بکاتەوە.

وەک چۆن هەموو کەس ناتوانێت ببێتە هونەرمەندی شانۆیی، ئاوهاش هەموو کەس ناتوانێت ببێتە بینەری شانۆ، لە پاڵ هۆکاری ئەوەی بینەری شانۆ دەبێت لە شوێنێک یان زیاترەوە

بچێت بۆ شونێکیتر بۆ بینینی شانۆ، کە ئەم بەخشینە لە هەموو کەسدا نییە، هەروەها ئەو بابەتانەی شانۆ کاریان لەسەر دەکات کەمتر بابەتی چەشەدارن بۆ خەڵکی گشتی، جگە لەوەش ئەم هونەرە خاوەن کاریزمایە کە دەبێتە هۆی جۆرێک لە ترس، کە دەکرێت  بە ترس لە شانۆ ناویبەرین، کەشی هۆڵی شانۆ و ئەو سروتە تایبەتییەش لە ڕێگەی دەنگ و جەستەوە شانۆ دەیخولٌقێنێت، ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئەو ترسەدا هەیە.

ئەم هونەرە بەبێ بەربەست ئاوێتەی بینەر دەبێت، هەر ئەمەش وایکردووە بینینی شانۆ لە ڕێگەی وێنەی ڤیدیۆییەوە کەمترین چێژ و زیندوویێتی نمایش بگوێزێتەوە، چونکە بۆ ئەوەی بتوانین چێژ لە نمایشێکی شانۆیی وەربگرین، پێویستە لە یەک کاتدا بە شێوەیەکی هەستپێکراو بەر دەنگ و جەستە بکەوین، تا لەوێوە تەواوی ڕەهەندەکانی نمایشمان پێ بگات، ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە بەرکەوتن لە هۆڵی شانۆدا زیندوترە لە بەرکەوتن لەگەڵ ڤیدیۆیەک کە لە ڕێگەی شاشەیەکەوە پێمان دەگات.

لە شانۆدا بوارنییە بۆ فێڵکردن لە بینەران و ڕاستەوخۆ مامەڵە لەگەڵ شتەکاندا دەکرێت، گەمەی شانۆ لەگەڵ بینەر وادەکات هاوکێشەی نمایش بەبێ بوونی بینەر لاسەنگ بێت و بەبێ بینەر کردەی نمایش ڕوونەدات، کە ئەمە بە پێچەوانەی سینەماوە، دەکرێت کۆی دیمەنەکانی فیلمێک لە ژوورێکی ئاساییدا وێنە بگیرێت و پاشان بخرێتە هەر کەشێکەوە کە بخوازرێت، بەڵام دیمەنەکانی سەر شانۆ کەمتر بواری ئەوەیان هەیە، بۆ وێنە لە شانۆدا کاتێک دیمەنی ژوورێکی میوان نیشان دەدەین، پێویستە تەواوی پێکهێنەرەکانی ژووری میوان ئامادە بکەین، تاکو

بینەران لەوە دڵنیابن ئەوەی دەبینرێت ژووری میوانە(دیارە ئەم بەراوردە بۆ شانۆ و سینەماش مەبەست دیمەنە ریالیستییەکانە).
ترس لە شانۆ لە جێگەیەکدا دەگوێزرێتەوە بۆ شانۆکاریش، هەمیشە پێش نمایش ترسێک لای شانۆکار هەیە، ترسی ئەوەی لە ئەنجامی ئەو کارەی ئامادەی کردووە بۆنمایش، نەتوانێت گوتارەکەی بگاتە بینەران، (بەڵام ئەمەیان ترسێکی گونجاوە، بەمەرجێک نەگاتە ئاستی شڵەژانی دەرونی لەسەرشانۆ و بە تێکدانی بەرهەمەکە بگەڕێت).
شانۆ کار دەکات بۆ ئەوەی بڕوا بە بینەران بهێنێت کە ئەوەی لەسەر شانۆ دەگوزەرێت ڕاستییە، چونکە کۆنسێپتی باوەڕهێنان بە بینەر کۆڵەکەیەکی بنەماییە لە شانۆدا، کە دەکرێت ئەمە وەک پێناسەیەک بۆ ئەکتەریش بەکاریبەرین و لە کورترین پێناسەدا بۆ ئەکتەر بڵێین: ئەکتەر ئەو کەسەیە کە لە میانی نمایشدا هەوڵی ئەوە دەدات بڕوا بە بینەران بهێنێت، کە ئەوەی لەسەر شانۆ ڕوو دەدات ڕاستییە.